# له دوڕیانی گەڕانەوە بۆ سیاسەتە کۆنەکان و هەنگاونان بۆ سیاسەتێکی نوێ ئەمریکا کام ستراتیژ هەڵدەبژێرێت؟

**مەجید ساڵح**



بۆ قسەکردن لە سەر سیاسەتە هەنوکەییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویست دەکات بە سەرپێییش بێت تۆزێك یگەڕێنەوە بۆ سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی ئەو وڵاتە پێش کارەساتی 11 سیپتەمبەر . چونکە لەوکاتەوە بەولاوە ئەمریکا بۆ یەکەمجار لەوە تێگەیشت سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی ولە وڵاتە ئیسلامیەکاندا بە شێوەیەکی تایبەت نەك هەر هەڵەیە، بەڵکو پێچەوانەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیەتی. ئەوەش چەندین جار لە لایەن سیاسەتمەداران وبیرمەندانی ئەمریکا بە تایبەت "هینری کیسنجەر"ی وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە دوپات کرایەوە. ئەمریکایەکان پاش شەڕی جیهانی دووەم بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە بە هۆی سیاسەتە چەوتە کۆنالیزمیەکانی فەرەنساو بریتانیاوە لە ناوچەکە دروست ببوو لە لایەن یەکێتی سۆڤیاتەوە پڕدەکرایەوە، وەك وارسی سیاسەتەکانی ئەو دوو وڵاتە جێپێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆشکرد وزۆری نەبرد بوو بە برای پشتیوان وراگری کۆڵەکەی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکانی ناوچەکە. بە پێچەوانەی درووشمی شۆڕشی گەورەی گەلی ئەمریکا، حکومەتیئەو وڵاتە خۆی لە سەنگەری نەیارانی گەلانی ناوچەکە بینیەوە ورۆژ لە دوای ڕۆژ خۆی لە بەرچاوی ئازادی خوازانی ناوچەکە ناشیرین دەکرد، تا گەیشتە ئەو رادەیە بۆ کوشتنی دەنگی نەیارانی سیستەمی تۆتالیتاری بە هەموو شێوازێك پشتیوانی لە دیکتاتۆرەکان کرد تاکولە روخاندن رزگاریان بکات. بگرە بەوەشەوە نەوەستا لە ڕێگەی دەزگا تایبەتەکانیەوە دەستی کرد بە زیندوو کردنەوەی بیری سەلەفیەتی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی رادیکاڵ لە بەرامبەر بیری لیبرالیزم کە تازە لە ناوچەکە چرۆی کردبوو. بە هەر حاڵ ئەو سیاسەتەی کە ئەمریکا بە درێژایی نیو سەدە پەیڕەوی کرد، چەندە بە زەرەر بۆ گەلانی ناوچەکە شکایەوە، دە هێندەش بۆ خودی خۆی زیانی هەبوو.

ئەوەتا ئیسلامی سیاسی نەك هەر بوەتە مۆتەكە بەسەر سنگی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵكو شیرپەنجەیەكی ترسناكیشە هەڕەشەكانی لە ناو دڵی ئەمریكادا رۆژلە دوای رۆژ گەورەتر دەبێت.

هەرچەندە كارەساتی 11 سپتەمبەر بۆ ئازادی خوازانی دونیا مایەی خەم وپەژارە بوو، بەڵام خۆشبەختانەتوانی ئەمریكاییەكان لەوە وریاكاتەوە كە ئەوان رێچكەیەكی ترسناكیان گرتوەتەبەر و پێویست دەكات پێداچوونەوەیەكی ورد بە سیاسەتەكانیاندا بكەنەوە. دەركەوتنی "پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" لە ساڵی 2002 وەك هەنگاوێكی پێویست ومژدە بەخش بۆ گەلانی ناوچەكە سەرەتای ئەو بە خۆداچوونەوەی ئەمریكا بوو. لە پرۆژەكەدا ئەمریكا توانا مادی ومەعنەوی ومیدیایی و زانستی وپەروەردەییەكانی نەك هەر خۆی، بەڵكو هەموو وڵاتانی گروپی هەشتی تەرخان كرد بۆ دیموكراتیزەكردنی حكومەتەكانی ناوچەكەو هۆشیاركردنەوەی گەلان تاكو رێگای كۆمەڵی مەدەنی ودوور لە توندوو تیژی بگرنە بەر و ئیسلام و هیچ ئاینێكی تر نەكرێتە پردی گەیشتن بە دەسەلات و دەسەڵاتەكانیش دەوری ولە رێگەی هەڵبژاردنەوە ئاڵو گۆركێی پێ بكرێت. پرۆژەكە ئەوەی لێكەوتەوە دوو سیستەمی لە شێواز جیاواز، بەڵام لە ئامانج وستراتیژ لێكچووی وەك رژێمی ئیسلامی تالیبان لە ئەفغانستان و بەعسی سەدامی لە عیراق رووخاند و گەلانی ئەو دوو وڵاتەی لە دەسەڵاتێكی رەها رزگار كرد كە نیازیان نەبوو بۆ هەتاهەتایە لە كۆڵیان بێتەوە. لە پێش هەموو گەلانی ناوچەكە گەلی كوردستان سەرەڕای ئەوەی پێشوازی لە پرۆژەكە كرد، بوو بە داینەمۆیەكیش بۆ سەرخستنی. گرتنەبەری ئەم سیاسەتە نوێیە لە لایەن پارێزگارە نوێیەكانی ئەمریكا هەنگاوێك بوو بە شاڕێی راستیدا وجگە لە جوانكردنی روخساری ئەمریكا لە لایەن گەلانی ناوچەكە، بێگومان بەرژەوەندیەكانیشی دەپارێزێت. لە ماوەی چوار ساڵی رابوردوودا ئەمریكیەكان سەرەڕای خەرجكردنی پارەیەكی زۆر بۆ سەرخستنی پرۆژەكەیان، زیانێكی گەورەی مرۆیشیان لێكەوتووە. چونكە ئێستا هاوكێشەكە پێچەوانە بوەتەوە، هەموو ئەو حكومەت و رێكخراوە تیرۆریستانەی كە پێشتر لە ژێر چەتری ئەمریكادا دەژیان ترسی لە ناوچوون دایگرتن و تواناكانیان خستوەتە گەر بۆ بەرگرتن لە شەپۆلی دیموكراتیەت وكۆمەڵی مەدەنی . بە كورتی ئەو دوو گروپە نایانەوێت پرۆژەكەی ئەمریكا لە ناوچەكە لەوە زیاتر هەنگاو هەڵنێت و پێشیان بكرێت زیندەبەچاڵی دەكەن. جگە لەو دوو دوژمنە سەرسەختەی پرۆژەكە، لە ناوخۆی ئەمریكاشدا بە تایبەتی سەرانی حزبی كۆماری گوشارێكی زۆر هەیە بۆ لەباربردنی سیاسەتە نوێیەكانی ئیدارەی ئەمریكی. نابێت ئەو حەقیقەتەش لە پێش چاو نەگرین كەوا گروپەكەی سەرۆك بۆش (سەرەڕای هەڵەكانی) قوربانیەكی زۆری داوە بۆ درێژەدان بە ئامانجەكانی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. ئێستا كە هەڵبژاردنە میان دەورییەكانی كۆنگرێس نزیك بوەتەوە ئەو گوشارانە زیاتر بووە وپێدەچێت رۆژ لە دوای رۆژ زیاتریش بێت. لێرەدایە ئاخۆ سەرۆك بۆش دەتوانێت بە هەمان هەناسەی دەسپێكردن

درێژە بە سیاسەتە نوێیەکانی خۆی بدات؟ واقعی پڕ لە تیرۆر وتۆقاندنی عیراق ئەوە پیشان دەدات ئیدارەی سەرۆك بۆش لە ژێر گوشاری زۆری ئەو سێ لایەنەدا ناچارە بەلای کەمەوە هەندێك تاکتیکی کاتی بگرێتە بەر، بە بۆچوونی من ئەو تاکتیکانە هەرچەندە پێویستن، بەڵام لە مسداقیەتی پرۆژەکە کەم دەکەنەوە. بە تایبەتی لە کوردستانی عیراقدا. راستە ئەمریکا ئێمەی لە دەستی دیکتاتۆریەتی سەدام رزگارکرد، بەڵام ئاخۆ توانیویەتی کۆمەڵی کوردستان و رێکخراوە سیاسی ومەدەنیەکانی بەرادەیەك رابهێنێت دیکتاتۆریەت قەبوڵ نەکات وحزبەکانیش نەبنە میراتگری تۆتالیتاریزمی ناوچەکە ورێکخراوە کارتۆنیەکانی کۆمەڵی مەدەنیش لەو پاشکۆیەی حزب وحکومەت رزگار کات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بێگومان نەخێرە. چونکە ئەمریکا بەهۆی تێوەگلان لە ناوچەکانی باشور وناوەڕاستی عیراق نەیپەرژاوەتە کوردستان. بگرە بۆ خۆی بوەتە پارسەنگێك بۆ هێشتنەوەی ئەو واقعە چەقبەستوەی کە لە کوردستاندا فەرمان رەوایە ونەبوونی شەفافیەت وباڵادەستی حزبەکان ولاوازی حکومەت وپەرەسەندنی گەندەڵی کە لە سیما دیارەکانی ئیدارەی کوردستانن، بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە لە لایەن ئیدارەی ئەمریکیەوە چاوپۆشیان لێدەکرێت. ئەمەش پێچەوانەی ئەو سیاسەتە نوێیەی ئەمریکایە کە لە کوردستاندا پێش هەر شوێنێکی تری دونیا لایەنگری هەیە.

وەك لە سەرەتادا وتم، ئەمریکا بە درێژایی پەنجا ساڵ سیاسەتێکی چەوتی لە ناوچەکەدا پەیڕەوکرد وبوە هۆی نەفرەت لێکردنی لە لایەن گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بۆیە ناکرێت لە ژێر هیچ گوشارێکدا بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە کۆنەکەی خۆی وبۆ نەگبەتیش ئەو سیاسەتە لە کوردستانەوە دەست پێبکاتەوە.